KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
3-1-2007 13:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ماموٚستایانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار روٚژی شەممە ریٚکەوتی (6- 1- 2007) ماندەگرن

بەڕێزان/لێپرسراوە حیزبی و حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوە دیموکراتی و جەماوەریەکانی کوردستان، دڵسۆزانی زانست و پێشکەوتن

بە هۆی توندو تیژی و گەندەڵیە جۆراوجۆرەکانی ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی کەلار (مامۆستا یونس صادق صالحی) کە (12) ساڵە بەردەوامە و زۆر دورن لە یاسا و داب و نەریت و ئادابی مامۆستای خوێندنی باڵا و هەموو سنورەکانی بەزاندوە و بێ سڵ کردن و گوێدان بە سەروی خۆی و لە بەرچاوی کامیرەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و لە رۆژنامەکاندا قسەی نەشیاو ئەبرێت بە باڵای مامۆستا و خوێندکاران و بێ منەتی ڕائەگەیەنێت. وبۆ شەرعیەت دان بە مانگرتنەکەمان بە کورتی هەندێك لەو گەندەڵیانە دەخەینە پێش چاوی بەڕێزتان بە هیوای هاوکاری کردنمان و ئەنجام دانی کاری پێویست:-

1- باوەشکردن بە کورسیەکەیدا وە بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیە زۆر نائاسایی و نایاسایەکانی خۆی.
2- پەیڕەوی کردنی بیروکراتیەت و مەرکەزیەتی توند و لە ڕادەبەدەر تیژ و زوڵم و زۆرداری و ستەمکاری لە هەموان.
3- دانانی (3- 4) کەس لە پەیمانگا بەدەم ڕاست وچاوساغ و لەمپەر بۆ خۆی و ئەنجامدانی مەرامە نا پەسەندەکانی.
4- بێ ئاگایی و پێشێل کردنی یاساکانی خزمەتی شارستانی و پرنسیبە ئیداریەکان.
5- (4) ساڵە بەریدی پەیمانگای نەخوێندوەتەوە ویەك وانەی نەووتوەتەوە لە پەیمانگا، ئەو نوسراوانەش لە پەیمانگا دەرئەچێت بێ خوێندنەوە ئیمزا یان دەکات کە چەندین هەڵەیان تێدایە.
6- (توندی) لە گەڵ زۆرینە و (نەرمی) لە گەڵ ئەو چەندکەسە بە ئارەزووی خۆی.
7- دژایەتی کردنی دروست بوون و پەرەپێدانی کۆلێژی کەلار دەکات و نایشارێتەوە.
8- خۆی دەڵێت (4) جار زەوییم وەرگرتوە لە (هەولێر- سلێمانی- کەلار- کەرکوك) .
9- دەست و دەم ژەندنە (نەسریەی) ی مانگانەو (کەل و پەل) و (دڵ وجگەری) مامۆستا و خوێندکار و فەرمانبەر وکرێکارانی پەیمانگا.
10-ڕێگرتن لە هاتنی مامۆستای خاوەن بڕوانامەی بەرزو بە ئەزموون و کۆسپ دانان و چەوسانەوەی جۆراوجۆری خاوەن بڕوانامەکان.
11-گوی نەدانە ئەنجومەنی پەیمانگا و (ی. ڕاگر) و دەرکردنی چەندین مامۆستاو فەسڵ کردنی نایاسایی و ڕاسپ کردنی لە سمینار و دواخستنی مافەکانیان و بانگ کردنی هەندێکیان تەنها بۆ کردنەدەرەوەیان.
12-گواستنەوەی (بەزۆری) فەرمانبەران لەم یەکە بۆ ئەو یەکە، و چاوسورکردنەوە لە خوێندکار و کرێکار.
13-پەیڕەوی کردنی فەلسەفەی کۆن و قێزەون لە بەڕێوەبردندا کە شەرم دەکەین بیخەینە سەر کاغەز.
14-پەیڕەوی کردنی سیاسەتی (فرق تسد) لە نێوان فەرمانبەران و نانەوەی کێشەی خێڵ وعەشرەت.

15-پشتگوێ خستنی خزمەتگوزاری پەیمانگا بەشەناوخویەکان لە ئاو و کارەبا و کۆنی ئامرازەکانی خوێندن و هۆڵەکان.

16-بێ باکی لە چۆڵ بونی پەیمانگا لە خوێندکار و مامۆستایی خاوەن بڕوانامە بەناو لێنان و وەسف کردنیان بە حوشتر و هەڕەشەکردن و تەهدیدکردنی هەندێ مامۆستا.

17-لە ڕوی ئیداریەوە ڕاست نیە کەسێك (12) ساڵ لێپرسراوی فەرمانگەیەك بێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەو هەموو گلەیی و گازندە و سکاڵایەی لە سەربێت.

بۆیە داواکارین:-

ا- ئەگەر بە باشی دەزانن مافی خۆیەتی پلەی بەرزبکەنەوە.

ب- ئەگەر نا تاوەکو لابردنی یان گۆڕینی بەردەوام دەبین لە مانگردنەکەمان.

مامۆستایانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار
2007 -1 -1